# لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا:-
# گۆڕانکاری و کاریگەریەکان لە سەر هەرێم - هاوسەنگی هێز- دوا وێستگەی گۆڕانکاری و دەرئەنجامەکان!!!!

هیوا عبدالله

## سەرەتایەك



هەر وەکو هەموو لایەکمان دەزانین و بە چاوی خۆمانەوە بینیمان، لەم چەند مانگەی دواییدا هەڵمەتی گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و وێستگەی شەڕ دوا بە دوای ئەفغانستان، ئەمجارە عێراقی گرتەوە، هەر وەکو دەزانرێت گۆڕانکاری لە عێراقدا شتێکی لە پڕ و سەیر و سەمەرە نەبوو، لە لای هەموو خەڵك ڕون و ئاشکرابوو کە ئەو ڕژێمە خوێن مژە، ئەبێت ڕۆژێك لە ڕۆژان هەر بڕوخێت و چارەنوسی ئەو چارەنوسەبێت کە پێی گەیشت. هەڵوەشاندنەوەی بلوکی سۆسیالیزمی بنیادنراو کە خۆی لە (یەکیەتی سۆڤیەت) ی پێشو گوزارە دەکرد، هاوکات لەگەڵ شەڕی یەکەمی کەندا و قەیرانەکانی جیهان کە خۆی لەو گۆڕانکاریانەی ساڵی 1990بەدواوە گوزارە دەکرد دەبینیەوە، هەرچەندە دوا بە دوای ساڵانی 1990-1991 دا لە هەرێمەکە گۆڕانکاری مەزن هاتنە ئاراوە، بەلاَم لە بەرئەوەی کێشەکان وەکو پێویست کامڵ نەببون، جارێکی تر برینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین هەویانکرد و هاواری پێداویستی خۆیان بۆ چارەسەری و تیمار نیشانی جیهاندا. ئەمرۆکەش گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بووەتە ڕاستیەکی بەرچاوو ناکرێت هیچ کەس و لایەنێك خۆی لێ گێڵ بکات، بەلاَم پرسیاری ئەوا

وێستگەی گۆڕانکاریەکان بەرەو کوێ، کێ لە کوێ چی ون دەکات و کێ لە کوێ چ قازانج دەکات بابەتێکە پێویستی بەوەلاَمیکی ڕون ئاشکرا هەیە .

### بۆچی گۆڕانکاری لە ڕۆژهەلاَتی ناوین؟

ئەم جوگرافیایە کە بە جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوین ناسراوە، لە مێژویەکی دیاریکراودا تا ڕۆژگاری ئەمرۆمان بوەتە مەیدانی ململانێ و ناوەندی ڕوداوەکان و کاریگەری بەسەر ڕەوتی ڕوداو و گۆڕانکاریەکان لە هەرێمەکەدا هەبووە. ئەم جوگرافیایە پان و بەرینە کە لە نیل تاوەکو قەفقاسیا و لە هیندستان تا گریك و باڵکان درێژەی هەیە، جگەلەسامانی ژێر زەوی وەکو کانزا بەگشتی و نەوت بە تایبەتی، خاوەن سامانێکی گرنگی سەرزەویشە وەك کشتوکاڵ بەگشتی و ئاو بەتایبەتی وەك دیجلە، فوڕات و نیل. ڕەنگبێت لایەنێکی کێشمەکێشی گیر و گرفت و بەربەرەکانێکان لە زەمانێکەوە تا ئەوڕۆش سەرچاوەکەی بۆ دەوڵەمەندی ئەو سامانانە بگەڕێتەوە کە لە سەرەوە باسمان کردن. بەلاَم بەتەنیا شیکردنەوەی گیر و گرفتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لەلایەنی ئابوری و سامانی سەرزەوی و ژێر زەوی نامانگەیەنێتە ئەنجام، بەتەنیا لێکدانەوەی کێشەکە لە ڕوانگەیەکی ئابووری لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنێکە کە ئەنجامەکەی بەر تەسك دەبێت وەك ئەوەی کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا باس دەکرێت و

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

بەتەنیا دەوترێت ( (ئەمریکا بۆ پترۆڵ هاتۆتە عێراق) ) . هەرچەندە ئەم بێژەیە ئەگەر لە ڕوی واقیەت ڕاستیش بێت، بەگشتی بۆ ناساندنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و گرتنە دەستی چارەسەری بەس نیە. بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، پێویستە خاڵە لاوازەکانی ڕۆژهەلاتی ناوین شی بکەینەوە .

ئەگەر بمانەوێت کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە ڕەگو ڕیشە هەڵتەکێنین، پێش ئەوەی باس لە ڕۆڵو گرنگی جوگرافیا بکەین پێویستە باس لە جیاوازی کولتور و ئەو سەردەمە بکەین کە ڕۆژهەڵات لە ڕاستینەی خۆی پچراوە و ئێستاکەش لێی نامۆ بووە، بێ دەرك کردن بەم ڕاستینەیە ناتوانین بگەین بە ئەنجام و ڕێنمایەکی سەردەمیانە بۆ ئەو دەڤەرە، کەلە ژانی لەدایکبوونی سەردەمێکی نوێدایە، ئەویش ئەو دابران و نامۆبونەیە کە لە دوای شۆڕشی کشتوکاڵ و ئاوەدانکردنەوە، یانیش شۆڕشی گوند دەستی پێکردووە. تایبەتمەندیەکی تری ئەو دەڤەرە ئەوەیە کە ناکرێت لەگەڵ دەڤەرەکانی تری جیهان ئاڵوگۆڕ بکرێت و وەك ئەوان تەماشا بکرێت، ئەو گۆڕانکاریانەی کە دەڤەرەکانی جیهان بەچاوی خۆیاندا بینیویانە، لاساییکردنەوەیان لە ناوچەکەمان، برینەکان سارێژ ناکات، واتە ڕەنگکردنی شێوەی ڕۆژهەڵات بە بۆیەی دەڤەرەکانی تری جیهان شێوە و شێوازی ناشیرینتر دەکات و گەوهەرە شاراوەکەشی بەیەك جار بزر دەکات. بۆیە لایەنێکی تری مەسەلەکە بینینی جیاوازیەکانی ڕۆژهەڵاتە لەگەڵ ناوچەکانی تری جیهان، میتۆلۆژیای ئەو ناوچەیە، ئایین و خوداوەندەکانی، بونەتە پارچەیەك لە ژیان وەکو هیمۆگلۆبین تێکەڵ بە خوێن بوونە و ناکرێت بە ئاسانی لەیەکتر جیابکرێنەوە. گرینگترین کارەساتیش بۆ ناساندنی ئەو سیستەمە ئەوەیە کە چۆن میتۆلۆژیا بە هێزەکانی گەل و باوەڕیەکان، لەبەرژەوەندی دەسەڵاتدارەکان خەسڵەتی خودایی پێدراوە و بوە بە چەکێکی دەستی بەڕێوەبەرانی دەوڵەت. ئەم هەموو فاکتۆرانەی کەلە سەرەوەدا باسمان کردن وایکردووە کە ڕۆژهەڵاتەکەمان، دوای کەوتنە نێو قۆناغی داڕوخان ڕەسەنایەتی خۆی لە دەستداوە، ئاکامەکەشی لە قاڵبدان و شێواندنی ئەو بیرانە بووە کە لەسەردەمێکدا چرای شارستانیەتیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین هەڵکردووە و پاشان بەپێی بەرژەوەندی چینی سەردەست و دەسەڵاتداران فۆرمیلەکراوە و جیهانی پێ بەندکراوە، ئەمەش لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا کۆمەڵێك دۆگمای ڤیتکردۆتەوە و ڕێگای لە گۆڕان و وەرچەرخان گرتووە .

هەروەکو لەسەروە باسمان کرد ئەو دەڤەرە هیچ شتێکی لە دەوروبەری خۆی ناچێت چۆن کێشەکانی جیاوازن لە گەڵ دەوروبەر، بەم پێیە چارەسەری ڕێچکەو شوێنەکانیشیان جیاواز دەبن. بۆیە پێش هەموو شتێك دەتوانین لە هەڵگیرساندنی شۆڕش و ڕاپەرینەکان و شکستەکانی ئەم دواییە! جا چ ئەوانەی لەسەر بنەمای ئەتنیکی هاتونەتە ئاراوە چ ئەوانەی لەسەر بنەمای مەزهەبی و کولتوری هاتونەتە ئاراوە، ئەنجامێك بەدەست بخەین، کە شۆڕش لەو دەڤەرە، جیاوازیەکی ئەوتۆ تایبەتی هەیە، لێکدانەوە و نرخاندنێکی ڕاست بۆ ئەم بابەتە، جیگای گرنگی و بایەخە. نەتەوە پەرستی و سۆسیالیزم وەکو دو تێزی بەرهەمی شارستانیەتی ڕۆژئاوا (غرب) نەیانتوانی کێشەیەکی هەرە بچوکی ڕیشەدار لە ڕۆژهەڵاتدا چارەسەر بکەن، بەڵکو ڤەتماغەیان لەسەر برینەکان هەڵگرت و کێشەکانیان قوڵتر کردەوە، تەنانەت ئایدۆلۆژیای ئیسلامیش کە سەرچاوە ڕاستەقینەکەی بۆ کولتوری ڕەسەنی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەگەڕێتەوە، بەهەمان شێوە لە ئاکامی چەواشەکاری و دیلبونی لەدەستی نەتەوەپەرستی و چینی سەردەست و بازرگانانی دەڤەرەکە توشی هەمان کێشە بووەوە و تەنانەت بوە سەرچاوەی گەلێك کێشە، ئەوەی ئەورۆ بۆتە سەرچاوەی زەمینەخۆشکردن بۆ دەستتێوەردانی دەرەوە، هەمان هزر و سیستەمە، لە ڕۆژگاری ئەمرۆشماندا بەتەنیا و بەبێ ئەنجامدانی ڕیفۆرم و خۆرزگارکردن لە ڕەوشی چەواشەکاری مەحاڵە بتوانێ ببێتە هەوێنی چارەسەری بەڵکو، زیاتر باری کێشەکان ئاڵۆزتردەکات. هەمو ئەو کێشەو گیرو گرفتانە ئێدۆلۆگ، تیۆرزان، بەناوسەرکردە جۆربەجۆرەکانی ئەو پێکهاتانەی ڕووبەڕوی دوریانێك کردۆتەوە کەلە مەردن بۆ مردن زیاتر هیچ ئەنجامێکی تری لێ ناکەوێتەوە، ئەویش یان بەرخۆدان لەسەر بنەمای ڤەوارە پارێزی و کۆنە پارێزی یانیش بینینی تروسکی ئازادی لەو دەستێوەردانانەی کە لە دەرەوە ئەنجام دەدرێن، ئەوەش زیاتر بیرو بۆچونی ئەوانەیە

که له ئه‌نجامی ئه‌قلیه‌تی کلاسیکیان ناتوانن خولقکاریه‌کی نوێ بێننه ئاراوه‌، ره‌نگبێت رێبازی دووه‌مین رێگا له به‌رده‌م گه‌لێك پێشکه‌وتن ئاوه‌لابکات که جێگای ئاماژه پێکردنه‌، به‌لام ئه‌گه‌ر بمانه‌وێت کێشه‌کانی سه‌رتاپای هه‌رێمه‌که و راستینه‌ی کولتوری له‌گه‌ل ئه‌مه به‌راورد بکه‌ین ئه‌وا له داهاتودا توشی کێشه‌یه‌کی تر ده‌بینه‌وه‌. بێ ئه‌وه‌ی توشی سه‌رئێشه‌و زیاتر قولبوونه‌وه بۆ نێو زه‌ریای ورده‌کاریه‌کان ببینه‌وه ئه‌مانه هه‌مووی ده‌رئه‌نجامی ئه‌و گۆرانکاریانه‌بوون که به پێویستمان زانی له وه‌لامی پرسیاری بۆچ گۆرانکاری له رۆژهه‌لاتی ناویندا باسیان بکه‌ین .

## ده‌بێ رۆژهه‌لات چۆن پێشوازی له گۆرانکاریه‌کان بکات

راستیه‌کی حاشاهه‌لنه‌گر ئه‌وه‌یه که رۆژهه‌لاتی ناوین له ئه‌نجامی ئه‌و داته‌پینه‌ی که له رۆژگاره‌کانی مێژوو تا رۆژگاری ئه‌مرۆ به‌خۆیه‌وه بینیوه شکستێکی مه‌زنی به‌رکه‌وتوه‌، ته‌نانه‌ت نه‌وه‌کانی بونه درنده‌یه‌ك که له مێشکی ئه‌و زیاتر هیچی خۆراکێکی تر تێریان ناکات و له خوێنی دایکی راسته‌قینه‌ی خۆی زیاتر هیچ ئاوێکی تر قورگیان ته‌رناکات. ئه‌و پێکهاته چینایه‌تی و خێله‌کیانه‌ی رۆژهه‌لات که له سه‌ده‌ی 19 – 20 دا له ژێر ناوی ده‌وله‌ت، ده‌سه‌لات، پارت، رێکخراو به‌رژه‌وه‌ندیه‌کانی خۆیان فۆرمیله کردبوو، چه‌مکی ناکۆکی و گیروگرفتی ئه‌تنیکی و مه‌زهه‌بیان کرده واقعیه‌تی گۆره‌پانه‌که که به ته‌نیا گوزاره له به‌رژه‌وه‌ندیه خێلکی، بنه‌مالەییه‌، تاکه‌که‌سیه‌کانیان ده‌کات، ئه‌مانه بونه باشترین ئامراز له ده‌ستی ده‌ره‌وه و له ناوه‌وه‌ش بونه گه‌وره‌ترین رێگر له به‌رده‌م پێکهاته‌ی نوێ، شۆرش، نوێکاری و رێنیسانس. له ته‌واوی ده‌فه‌ره‌که‌به کوردستانیشه‌وه ئه‌و سه‌رهه‌لدانانه‌ی له ژێر ناوی نه‌ته‌وه‌په‌رستی هاتونه‌ته ئاراوه هه‌مان شێواز، رێچکه و رێبازی تاقمی ده‌سه‌لاتداریان دوباره‌کردۆته‌وه‌، واته له ژێر ناوی نه‌ته‌وه و نه‌ته‌وه په‌رستی به‌رجه‌سته‌کردنی به‌رژه‌وه‌ندیه تاکه‌که‌سی، ناوچه‌ییه‌کانی خۆیانیان سه‌پاندووه‌، ئه‌م تاقمه‌و ده‌سته جیاوازانه که له ژێر ناوی شۆرش، یاخیبون، له ژێر ناوی رزگاری! ده‌سته‌مۆیی و بێ ئیراده‌ییان هێناوه‌، له هه‌مانکاتدا له ژێر ناوی خولقکاری لاساییکردنه‌وه‌یان کردۆته پیشه‌یه‌کی خۆیان و نه‌وه‌کانیان. بۆیه راستیه‌کی به‌رچاو ئه‌وه‌یه به‌بێ لێکدانه‌وه‌یه‌کی چینایه‌تی-زانسی پێکهاته‌کان، ناتوانین راست و چه‌پ، خاوه‌ن ماف و بێ ماف، راستی و چه‌وتی له‌یه‌کتر جیا بکه‌ینه‌وه‌، ئه‌گه‌ر بمانه‌وێت به‌شێوه‌یه‌کی تر گوزاره له ناوه‌رۆکی ئه‌و کێشه‌یه بکه‌ین، ده‌توانین بلێین چینی سه‌رده‌ست و به‌رژه‌وه‌ندیه‌کانی، هه‌رکات له ژێر ناوی بگه‌م به مافه‌کانم توانیویه‌تی روی راستی خۆی داپۆشێت و چه‌واشه‌کاری بکات .

راستیه‌کی تر ئه‌وه‌یه ئه‌ورۆ له سایه‌ی هاوکێشه‌کانی جیهان و به‌رژه‌وه‌ندیه سیاسی و ستراتیژی و ئابوریه‌کانی وولاتانی زلهێز پێکهاته‌ی کلاسیکی ئه‌تنیکی و نه‌ته‌وه‌یی که بونه‌ته رێگر له به‌رده‌م نوێکاری و ئازادی گه‌لان، به‌ته‌نیا تۆوی دکتاتۆریه‌ت و شۆڤێنزمیان چاندوه‌، جا چ ئه‌وانه‌ی له‌سه‌ر کورسی ده‌سه‌لاتن و چ ئه‌وانه‌ی بۆ هه‌مان مه‌به‌ست له ژێر ناوی جیاوازه‌وه ده‌جولێنه‌وه رۆلیان نه‌ماوه و به‌له‌ناوچونی دکتاتۆری مه‌زن نزیکی مه‌رگ بوونه‌ته‌وه‌، به لابردنی په‌یکه‌ری دکتاتۆر په‌یکه‌ره‌کانیان شلۆق بوه و زه‌برێکی مه‌زنیان به‌رکه‌وتوه‌، هه‌لوێست و هزری چه‌پی کلاسیکی و دروشمه‌کانیان له چوارچێوه‌ی (بمرێ ئه‌مریکا) و به‌س، تیماری ده‌رده‌که نیه و جگه له قسه‌ی سه‌رزاره‌کی نرخی هیچی نیه‌، سه‌رهه‌لدانی توندره‌وی ئیسلامی، له ژێر دروشمی مردن بۆ کافره‌کان جگه له زه‌مینه خۆشکردن بۆ ده‌ستێوه‌ردانی ده‌ره‌وه هیچ ئه‌نجامێکی تری نیه‌. تازه کار له کار ترازاوه هه‌ردوو بۆچون ناتوانن رێگا له ده‌ستوه‌ردان بگرن و به‌هۆی هه‌لوێستی قه‌واره پارێزی و دوره‌په‌رێزی له پێداویستی و رێنماییه‌کانی سه‌رده‌م و دۆگمابونیان ناتوانن ببن به ئه‌لته‌رناتیف. ئه‌و لایه‌نانه‌ی به‌رژه‌وه‌ندیه ته‌سکه‌کانیان له ژێر پێکهاته‌ی ئه‌تنیکی شاردۆته‌وه‌، به هه‌مان شێوه به‌و گۆرانکاریه که‌یف خۆش نین و ده‌زانن گۆرانکاری رژێم و سیسته‌مه کلاسیکیه‌کان به هه‌مان شێوه گۆرانکاریه‌کی ریشه‌ییه له پێکهاته کلاسیکیه‌کانیش، ده‌زانن به‌روخانی په‌یکه‌ری دکتاتۆر له به‌غدا قودسیه‌ت و حاکمه‌تی موتله‌قی ئه‌وانیش هه‌ژاوه‌. جا گه‌لانی چه‌وساوه‌، لایه‌ن و

www.kurdistannet.org

پێکهاتە دیموکراتیەکان پێویستە بە چاوێکی نوێ لە گۆشەنیگایەکی نوێ گۆڕانکاری ئەم قۆناغە بخوێننەوە، لەو لایەنە ئەرکێکی تایبەت دەکەوێتە سەر ئەستۆی گەلی کوردستان. گەلی کوردستان ڕەنگبێت یەکێك بێت لەو گەلانەی کە لە کاتی دارشتنەوەی جیهان لە سەدەی بیستدا لە ڕۆژهەلاتی ناوین گەورەترین زەبری بەرکەوت و بوە قوربانی ئەو سیستەمە و جگە لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان کورد هیچ پشت و پەنایەکی نەما. هەروەها کەموکوریەکانی گەلی کورد و سەرکردایەتی یاخیبونەکان و ڕاپەرینەکانی سەرەتا و ناوەڕاستی ئەو سەدەیە کە ئێستاش شوێنەوارەکانیان ماوە ئەگەر تاڕادەیەك وولاتپارێزی و فیداکاریشیان ئەنجام دابێت، لە دواییدا کێشەکانی گەلی کوردیان ئالۆزکرد و کوردیان خستە نێو پلان و یاریە نێو دەولەتیەکان، پێکهاتە کوردیەکانیش بە خێلێ و پارت و ڕێکخستنی بەشە جیاجیاکانی کوردستان، لەبەر ئەوەی لەناوخۆدا نەیانتوانی یەکێتیەکی نەتەوەیی مسۆگەر بکەن و لە چوارچێوەی ستراتیژیەکی نەتەوەییدا، هەلۆێست نیشانبدەن نەیانتوانی سود لە میتۆدی شەڕی ڕزگاری نەتەوەیی وەربگرن کە وولاتانی وەك کوبا، ڤێتنام بەکاریان هێنا و گەیشتن بە دەولەتی سەربەخۆیی خۆیان و لە ژێرچنگی ئیمپریالیزم و داگیرکاریدا ڕزگاریان بوو. کەواتە کاتێك پارت و ڕێکخراوەکوردیەکان لەسەرەتاو ناوەڕاستی سەدەی ڕابوردوودا نەیانتوانی سود لە میتۆدی سەدەی بیستەم وەربگرن، لە جیاتی ئەوە بەتەنیا ڕێبازی ئۆتۆنۆمی و خودموختاری هەرێمیان پیادەکرد، لەو سەدەیەشدا پێویستە بەپێی ڕاستینەکانی سەدە مامەلە لەگەلێ قۆناغ و دەرفەتەکان بکەن، بۆ ئەوە ئەوڕۆ میتۆدی سەرەکی تێکۆشان نەتەوەپەرستی و سازکردنی پێکهاتەی ئەتنیکی و مەزهەبی نیە، بەلکو لەبەرامبەر ئیمپریالیزم، سەرمایەی گلۆبال پێویستە ڕێبازی دیموکراسی گلۆبال، لە ڕۆژهەلاتی ناویندا بەبنەما بگیرێت، بۆ ئەوەش ئەگەر ئەمڕۆ لە ڕۆژهەلاتی ناویندا گۆڕانکاریەك یانیش خوداکانی سیستەمی پاشایەتی و دکتاتۆریەت توشی هەژانێك هاتون، هەرچەندە ئەمریکاش پێشەنگایەتی ئەمە بکات، لەهەمانکاتدا ئەم گۆڕانە هاوسەنگی و پەیوەندی و هاوپەیمانی کۆن دەڕوخێنێت و لە جیاتی ئەمە هاوسەنگی و پەیوەندی نوێ دەئافرێنێت، بۆیە دروشمی بەلێ بۆ گۆڕانکاری بەلێ بۆ ئیرادەی دیموکراتی گەلان دروشمێکە کە شۆڕشی نوێی ڕۆژهەلاتی ناوین و تاکە ڕێنیسانی دەڤەرەکە لە ژێر ئەو دروشمەدا تێپەڕ دەبێت .

## عێراق یەکەمین دەروازەی گۆڕانکاریەکانە لە هەرێمەکە

پێکهاتەی ئەتنیکی مەزهەبی و کولتوری لە عێراق و شوێنگە جوگرافیایەکەی ئەو دەڤەرە لەسەرەتای مێژوو تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ، ڕۆلێکی گرنگی لە ئالوگۆڕیەکاندا هەبووە، یەکەمین سەرچاوەی شارستانیەت هەر لەسەر ئەو جوگرافیایە بوە کە (کەوانی بەپیت) ی پێ دەوترا، هەروەها شارستانیەتی پەرس، مێدیا، بابل کە پاشماوەی سۆمەریەکانە و گەشەسەندنی شارستانیەتی ئیسلام و فراوانبونی هەر لەو دەڤەرە بووە، بەلام ئەو ناوچەیەی کە ماوەیەکە لە ڕاستینەی خۆی نامۆ بووە، ئەمڕۆ ژانی لە دایکبونی سەردەمێکی نوێ بەخۆیەوە دەبینێ، ئەویش سەردەمی گواستنەوەی پاوانخوازیە بۆ سەردەمی ململانێیە جیاوازەکان لەناو سیستەمی دیموکراتیدا، ئەو گۆڕانکاریانەی کە نیشانەکانی لە سالی1990 - 1991دا بەدەرکەوتن، تا ئەو ڕۆژەی کە پەیکەری دکتاتۆری مەزن لە بەغداد هەلۆەشایەوە، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو وولاتە (عێراق) نەك بەتەنیا لە ئالوگۆڕ و وەرچەرخانێکی مێژوییدا تێپەڕدەبێت، بەلکو پریشکەی ئاگری گۆڕانکاری سەرتاپای ڕۆژهەلات دەهەژێنێت و ڕوخاندنی پەیکەری دکتاتۆرەکەی بەغدا تەواوی هەیکەلی خوداوەندە ئەفسانەییەکانی ڕۆژهەلاتیش دەهەژێنێ. ئەگەر بێتو لە لێکدانەوەیەکی سیاسی و ئایدۆلۆژیش دەربچین و بێینە سەر ئەرزی واقیع دەبینین، ئەوڕۆ وولاتانی تر کە هەمان کێشەیان هەیە، توشی سەرلێشێواوی و گرانەتا بوونە، هەبوونی گەلی کورد و دابەشکردنی بەسەر چوارپارچە لەسەرەتای سەدەی بیستەم، ڕەنگبێت گەلێك نەهامەتی و کارەساتی لەگەلێ خۆیدا هێنابێت، بەلام ئەمڕۆ، هەبوونی ئەو گەلە لە چوار وولات گەرەنتی چارەسەرکردنی کێشەکان و دیموکراتیزەکردنی هەرێمەکەی لێکەوتۆتەوە .

**هاوسەنگیە سیاسیەکانی پێش شەڕ و دوای شەڕ لە هەرێمەکە**

هەروەکو دەزانین سەدەی بیستەم و دەرئەنجامی هەردوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی، سیستەمێکی دوو جەمسەری دوو بلۆکی لە نێوان ڕۆژهەلاَت و ڕۆژئاوادا پێکهێنا، زۆربەی زۆری وولاَتانی جیهان پشتگیری و پابەندبوونیان بە سیستەمێك لەو دوو سیستەمە نیشان دەدا، هەرچەندە هەندێك وولاَت خۆیان بەسەربەخۆ و بەبێ لایەن دەزانی و هەندێکیشیان بانگەشەی سیستەمێکی تریان دەکرد، بەلاَم جگە لەو دوو سیستەمە زلە هیچ وولاَت و بەرەیەکی تر نەبوو کە کاریگەری بەسەر ڕوداوو گۆڕانکاریەکاندا بشکێتەوە. گەلێك جاریش پێوانەکانی پەیوەندی ئەوسا، بەتەنیا یان دۆست یان دوژمن، یان لایەنگر و پشتیوان، یانیش ئۆپۆزسیۆن و ڕکەبەربوو. بەهەلۆەشاندنەوەی بلوکی سۆسیالیزمی بنیادنراو، ئەم پێوانانە ئالۆگۆڕیان بەسەردا هات تا ڕادەیەك، بەلاَم بلوکی ڕۆژئاوا بەتایبەتیش ئەمریکا کە ڕۆژبەڕۆژ هەولی بەرفراوانکردنی کاریگەری خۆیی و دەسەلاَتی خۆی دەدا و لەپێناوی سەقامگیرکردنی (سیستەمی نوێی جیهانی) ، هەموو توانستەکانی خۆی خستبووە گەڕ، پاش هەلۆەشاندنەوەی بلوکی سۆسیالیست، بەمەبەستی هەلگرتنی کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم سەقامگیرکردنی سیستەمی نوێی جیهانی بەهەموو شێوەیەك شەڕی دژ بەو وولاَت و لایەن و گروپانەکرد کە بەربەست بوون لەبەردەمی. بۆ ئەوەی دژایەتی هەندێك لایەن بکات سیاسەتی قوڵکردنەوەی ناکۆکی ئەتنیکی و مەزهەبی لەنێوان نەتەوەکان بەکارهێنا، بۆ ئەوە ئەمریکا لە سەردەمی پێش هەلۆەشاندنەوەی بلوکی سۆسیالیستی بنیادنراو و تەنانەت دوای هەلۆەشاندنەوەشی هەندێك لایەنی لە بەرامبەر هەندێك لایەنی تر ڤیتکردەوە، وەك بەکێشکردن و پشتگیری کردن لە عێراق بۆناو شەڕ دژ بە ئێران کە بانگەشەی سیستەمی (نەشەرقی نەغەربی - جمهوری ئیسلامی) دەکرد. هەروەها بەهێزکردن و ڤیتکردنەوەی تورکیا بەمەبەستی ڕێگرتن لە فراوانبونی کاریگەریەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە قەفقاسیا لەلایەك و دژ بە سەرهەلدانی گەلی کورد لەباکوری کوردستان بە پێشەنگایەتی PKKلەلایەکەی دیکەوە. ڕۆلی ئەمریکا لە دەستگیرکردنی سەرۆکی پارتی کرێکارانی ئەوسا لەساڵی1999 بەهەمان مەبەست بوو. ئەمریکا بەگەلێك مەبەستی جیاوازتری ئابوری-سیاسی پشتگیری لە مانەوەی پارتە کلاسیك و پاشەڕۆکانی ناوچەکە و حکومەتی پادشایەتی وولاَتانی کەنداو دەکرد، ئەمە پێوانە و شێوازی پەیوەندیەکانی ئەمریکا بوو لە ڕۆژهەلاَتی ناوین، ئەمڕۆ لەسەردەمی نوێ بەتایبەتیش دوا بەدوای کارەساتەکانی 11ی ئەیلول و بەرۆژەڤبونی ئالۆگۆڕی لە ڕۆژهەلاَتی ناوین و گۆڕینی قەوارەی کۆن، ئەو پەیوەندیانە تادێت ڕۆژ بە ڕۆژ گۆڕانیان بەسەردا دێت، دوژمنایەتی پێشو و دۆستایەتی پێشو وەك جاران نامێنێ و تەنانەت لە هەندێك لایەندا بەپێچەوانە ئاوەژوو دەبنەوە. بۆ نمونە ئەگەر تەماشا بکەین پەیوەندی تورکیا-ئەمریکا لەدوای شەڕ ئەگەر تاسەر دیاریش نەبێت تۆزێك گۆڕانکاری تیادا کەوتووە.

**ڕەووشی وولاَتانی ڕۆژهەلاَتی ناوین لە بەردەم شەپۆلی هێرشی دەرەوە**

وولاَتانی هەرێمی ڕۆژهەلاَتی ناوین بەگشتی، نزیکەی سەدەیەکە واتە دوا بە دوای جەنگی جیهانی یەکەم تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، لەسەربنەمای ئەتنیکی-مەزهەبی کۆلەکەکانیان بەخۆیانەوە بەستۆتەوە و لە ڕاستیدا لە ژێر ناوی ئەتنیك، مەزهەب، کێشە و ئاسایشی نەتەوەیی بەرژەوەندی تاقمێك کەسی بازرگان و مشەخۆریان پاراستووە. لە ناو خۆیاندا مەکانیزمی بە کارهێنانی هێز و ووزەی سەرجەم چین و توێژ و گروپەکانی نێو کۆمەلگایان مراندووە، لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندیە تەسکەکانی خێلەکایەتی، گروپ، بنەمالە و تاکەکەسی هەموو کاتێك تاوەکو لە دەستیاندا هاتبێت هەولیانداوە نەتەوە، کەمایەتی، مەزهەب و بیرو بۆچونە جیاوازەکانی تر لە ناوببەن. هەردەم لە ژێر ناوی هەندێك کێشەی ئاسایشی نەتەوەیی بێ پەروەردەییان ئافراندوە و بەوە خۆیان لە پێداویستی بە دیموکراسیبوونی حکومەتەکانیان دزیوەتەوە، بەمەش لە ناوخۆدا یەکتریان لاواز کردووە و لە دەرەوەشدا بونەتە کارتی بەکارهێنان و گوشار لە دەستی زلهێزە بەکاریگەرەکانی هەرێمەکە و جیهان. هەژاری، نادادوەری، نەبونی ماڤ ئازادی کۆمەلاَیەتی، سیاسی، تاکەکەسی و دیموکراسی بەتەنیا توند و تیژی

www.kurdistannet.org

پێشخستوه، سەرچاوەی توند و تیژی و تیرۆر لە هەرێمەکە نەبونی ئازادی و دیموکراسی و برسیەتیە کە حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە چاوپۆشیکردنی ئەمریکا لە ماوەی ڕابوردودا ئافراندویانە، بەلاَم ئەم تیرۆرەی کە باسی دەکەین ئەمرۆ بە هۆی بلاَوبونەوەی تەکنۆلۆژیا و چەکی کۆکوژ بەشێوەیەکی بێ سنور، نەك بەتەنیا بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بەرجەستە ناکات بەڵکو ئارامی و ئاسایشی ئەویش لە ناودەبات، بۆ نمونە کارەساتەکەی 11ی ئەیلولی ساڵی 2001بۆ یەکەمین جاربوو لەمێژودا شەڕ، ترس، نائارامی خستە نێو ئەمریکا، بۆ ئەوە باری ئەو قەیرانەی کە ئەمرۆ سیستەمی جیهان تیایدا دەژی گرانتر بووە، ئەم هۆکارەو چەندین هۆکاری تر کە ناتوانین بچوکیان بکەینەوە ئەمریکا و زلهێزەکان ڕووبەڕوی دوریانێك دەکاتەوە یان ئەوەتا وەك سەرەتاو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم جارێکی تر جیهان دابەش دەکەن و سەرلەنوێ سیستەمێکی نوێی سازدەکەن، یانیش ئەوەتا هێز و گرانی خۆیان لە دەست دەدەن و ستراتیژ و هەبوونی خۆیان ڕەچاو دەکەنەوە، بۆ ئەوەی مەسەلەی دەستێوەردان کە بەلێدانی عێراق و لە ناوبردنی ڕژێمەکەی بووە ڕاستیەکی بەرچاو، ئەمرۆ ناچاریەکە، بۆ ئەوە ئەو وولاَتانەی کە خاوەنی ئەو کێشانەن کە لەسەرەوە باسمان کردن، بەناچاری یان ئەوەتا خۆیان دەگۆڕن کە ئەو گۆڕانەش بەچەند سیناریۆیەکی سەختەو چەواشەکردن و فریودانی ڕای گشتی نابێت، یانیش دووچاری هەمان زەبر دەبنەوە کەبەر عێراق کەوت، بۆ ئەوە وەکو پەنجەی دەست لەلای هەموو کەس ئاشکرایە کە ئێران و سوریا لە ڕیزی پێشەوەی ئامانجەکانی گۆڕانکارین، هەرچەندە باوەڕناکەم ئەمەی بەسەر عێراقدا هات هەمان شت هەمان شێوازیش لەبەرامبەر ئێران – سوریادا پیادە بکرێت، بەلاَم گرنگ ئەوەیە کە خودی ڕژێم لەبەر هەڵوەشاندنەوەدایە. جا تاکە ئەلتەرناتیف لەبەردەم ئەمە ئەوەیە کە پێکهاتەی نوێ دروست ببن و بتوانن کێشەکانی ڕۆژهەلاَتی ناوین لە ڕوانگەیەکی نوێوە چارەسەر بکەن و پێکهاتەو هزری نەتەوەپەرستی کلاسیکی، شۆڤێنزمی ئەتنیکی و مەزهەبی، بەرژەوەندیەکانی گروپە تەسکەکان تێبپەڕێنن و لە جیاتی ئەمە لە چوارچێوەی سیستەمێکی گشتگیر و دیموکرات کە سەرجەم چین و توێژە بەکاریگەرەکانی کۆمەڵگا بەتایبەتی ژنان- لاوان- خوێندکاران لە خۆبگرێت کۆببنەوە، نەك وەکو ئەوەی کە هەندێك کەس دەڵێن ئەمریکا کێشەی کورد چارەسەر دەکات، ئەو بێژەیە چەمکی چین و توێژێکی دابڕاوە لە ڕاستینەی جەماوەر و مشەخۆرە و بەهیچ شێوەیەك باوەڕی بە تێکۆشانی ڕێکخستنی جەماوەری نیە بۆیە قاچ لەسەر قاچ دادەنێت و چاوی لە ڕەحمەتی ئەمریکایە، نکوڵی لەوە ناکرێت ئەورۆ ئەمریکا دەخوازێ ڕژێمە کلاسیکەکان بگۆڕێت و دەرفەتێك لە پێش کورد دەرەخسێنێ بەلاَم ئۆبالی چارەسەری کێشەی کورد بەتەنیا لە دەستی خۆی دایە، بۆیە هزری پاراستنی قەوارەی کۆن یان خۆڕادەستکردن و چاوەڕوانی ئەنجامگیر نابێت و برینەکان سارێژ ناکات .

هەڵمەتی ئەمریکا و بەریتانیا لە عێراقدا بەتەنیا لەناوبردنی کەسێك، پارتێك نەبوو بەڵکو هەندێك کەس وا بۆ مەسەلەکە بچن کە گوایە لەبەر ئەوەی ڕژێمی عێراق دکتاتۆر بوو، چەکی کۆکوژی هەبو و هەڕەشەبوو بۆ سەر جیهان و دراوسێکانی ڕووبەڕوی زەبری ئەمریکا بووەوە، ئەمانە هەمووی بەجێگای خۆیەوە، بەلاَم کێشەی سەرەکی ئەمە نەبوو، بە هەمان ئەندازەشەوە، لەناوبردنی ڕژێمی دکتاتۆری بەغدا بەتەنیا واتای لە ناوبردنی ڕژێمێك، تاکەکەسێك، تاکە پارتێك نەبوو، لە ڕاستیدا ئەمە کۆتاییهێنان و لەناوبردنی سەرجەم ئەو سیستەمە کۆنانەبوو کە لە ماوەی ڕابوردوودا لەسەر بنەمای ئەتنیك، مەزهەب، داکۆکی کردن لە بەرژەوەندی گروپێك سەریان هەڵدابوو، ناکۆکی و هەڵومەرجی هەرێمەکە ئەوانی تا ڕۆژگاری ئەمرۆمان هێنا، لەمرۆ بە دواوە هەبونی خۆیان بەم شێوەیە لە دەست دەدەن، سیستەمی جیهانی ئەمرۆ پێویستیان بە ڕێکخستنی ئەتنیکی-مەزهەبی نەماوە، بۆیە ئەگەر لە کاکڵ و ناوەڕۆکی مەسەلەکە بکۆڵینەوە دەبینین لە عێراقدا بەتەنیا ڕژێمی بەعس نا پارت و گروپ و ڕێکخراوە کلاسیکیەکانیش کە پێ لەسەر هەمان هزر دادەگرن، واتە سیستەمی تاکە پارت، تاکە مەزهەب، تاکە خێڵ، و پاوانکردنی دەسەلاَت و جوگرافیا بەهیچ شێوەیەك دیموکراسیەت و بیرو بۆچونە جیاوازەکانیان پێ هەرس ناکرێت لەبەرئەوە کاتیان بەسەرچو، چونە زبڵدانی مێژووەوە. بۆیە هەروەکو خۆمان لە تاقیکردنەوەی

11ساڵی پێشودا بینیمان لە عێراقدا بە باشوری کوردستانیشەوە، ئەو ڕێکخراوانە کاتێ نزیکی دەسەڵات بوونەوە، لاسایی هەمان کولتوری سیاسیان کردەوە کە بەعس 30 ساڵ زیاتر ئەنجامیدا. ئەو ڕێکخراوانە لە کاتی بەهێز بوون و گەیشتن بە دەسەڵات لە جیاتی ئەوەی لەسەر بنەمایەکی دیموکراتیانەو پێکەوە ژیان و یەکێتیەکی ئازادانە لە نێوان هەموو پێکهاتە جۆربەجۆرەکان، یەك ڕێبازیان بەکار هێنا ئەویش تاپۆکردنی دەسلاّت بوو لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی بەر تەسکدا، کە بەرژەوەندیە تەسکەکانیان بەرجەستە بکات، بۆ کۆکردنەوەی هێزیش یەك میتۆدیان بەکارهێنا ئەویش لە گەڵ هەڵگیر ساندنی شەڕ و ئاگری ناوخۆیی، هەرکەسەو سەرچاوەیەکی ئابوری لەسەرخۆ تاپۆکرد و بەپێی ئەوە بە شێوازی ئابوری خەڵکی هەژاریان بە کێشی نێو داموو دەزگاکانیان دەکرد، هەمان شێوازیش شێوازی زەبرو زەنگ و سەربازی بوو کە بە زەبری چەك کەسانی ڕەخنەگریان سەرکوت دەکرد، یانیش هەموو دەروازەکانیان لە بەردەم خەڵك دەگرت بەتەنیا ڕێگای پێشمەرگایەتی بە پارەیان لە بەردەم خەڵك دەکردەوە. ئەم شێواز و میتۆد و دەور و دەورانە کاتی بەسەر چوو ئەو ڕێکخراوانەی کە ئەوەیان ئەنجامدا لە داهاتویەکی زۆر نزیکدا چاوکانیە ئابوریەکانیان لە دەست دەردەچن و لە ڕوی سەربازیشەوە چەك دەکرێن واتە ئاغایەتی هەرێمی، خۆشاردنەوە لە پەنای چەند کێشەیەك باوی نەماوە .

> **ئەو ڕێباز، دروشم و هزرە لە عێراق و ڕۆژهەلاّتی ناویندا سەردەکەوێت کە تواناى هەڵدانەوەی پەردەی لەسەر ئەو توانستە شاراوانەی هەرێمەکە هەیە**

لەسەر بنەمای ئەو شیکردنەوانەی سەرەوە، بەلابردنی سیستەم و پێکهاتەی دەوڵەت-پارت-ڕێکخرا و گروپی کلاسیکی، دەروازە لەبەردەم داهێنان و خولّقاندنی سیستەمێکی تازە ئاوەلاّ دەبێت. بۆ ئەوە ئەگەر لەسەردەمی ڕابوردودا سیستەمی پارت ڕێکخرا و دەوڵەت تاك بون، واتە حکومەتی تاکە پارت، تاکە ئاین، تاکە ئایدۆلۆژیا و هتد، ، ئەوا لەسەردەمی داهاتودا بەپێچەوانەی ئەوە دەبێت واتە پارت، دەوڵەت، ڕێکخستن ناسنامەی کۆن دادەنێن و ناسنامە و بەرگێکی نوێ هەڵئەگرن. بۆ ئەوە پارت، دەوڵەت، سیستەمی تاکە نەتەوە، چین و توێژێك، مەزهەب و ئایینێك ئەگۆڕێن بۆ پارت و دەوڵەتی سەرجەم نەتەوە و کەمایەتی و ئایین و ئایینزاکان، هەروەها ئەو قودسیەتەی کە بۆخۆیان دروستیان کردبوو پەیتا پەیتا لەناو دەچێت، ئەوە بە واتای ئەوە نا کە ڕێکخراوی تایبەت نامێنن بەڵکو ڕێکخراو و گروپە تایبەتەکان تەنیا بە بەرژەوەندیەکی تەسك لە چوارچێوەیەکی تەسك نامێنن، هەمو پێکهاتە نوێیەکان بەناچاری پێویستە لە پڕۆگرام و بەرنامەکانیاندا گوتاریان بۆ سەرجەم کێشەکانی کۆمەڵگا هەبێت، لە ناو ئەوەدا تایبەتمەندی و بەرژەوەندی خۆیانیان ببیننەوە، ئەمەش سیستەمی دیموکراسی لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا دەیسەپێنێت، بەلاّم ئەم سیستەمە بەتێکۆشانی ڕێکخراو، کەسایەتی، گروپە دیموکراتیەکان بەدی دێت، دیموکراسیەتیش پڕۆسەیەکی کۆمەلاّیەتی دور و درێژە، بە قۆناغێکی (تەدریجی) دا دەرباز دەبێت، بەلاّم هەنگاوی یەکەمینمان بۆ مسۆگەرکردنی ئەمە، داخوازی و هەوڵدانە بۆ دەوڵەتێکی قانونی بەپلەی یەکەمین، ئەو ڕێکخراوانەی هەست بەم پێویستیە نەکەن ئەوا کۆتایی بە هەموونی خۆیان دێنن .

ئەگەر بەچاوێکی ستراتیژی و دوربینانەو بەچاوی ئایندە تەماشای ڕەووشی ڕۆژهەلاّتی ناوین بکەین و بمانەوێت لەگەڵ واقعیەتی ئێستای بگونجێنین، پێویستیمان بە ووردبینیەکی قوڵ هەیە، ئەویش بە دەستبەرداربوون لە خۆبەستنەوە بە چەند تاکتیکێك کە خیتابی هەست و سۆزی کۆمەڵێك خەڵکی سنوردار دەکات دەبێت. عێراق دڵو ناوکی ڕۆژهەلاّتی ناوینە چۆن کێشەی عێراق کاردانەوەی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر تەواوی هەرێمەکە هەیە، بەهەمان شێوە بەرجەستەبوونی سیستەمێکی نوێ لە داهاتودا، کاریگەریەکی بە هەمان شێوەی لەسەر هەرێمەکە دەبێت. عێراق و ڕۆژهەلاّتی ناوین تایبەتمەندی و وزەی تایبەت و شاراوەی هەیە، بەبێ بینینی ئەمە چارەسەری مەحاڵە، لاساییکردنەوەی ئەوروپا و ڕۆژئاوا چارەسەری ڕیشەیی ئەنجام نادات بەڵکو شیرازەی کۆمەڵگای ڕۆژهەلاّت دەشێوێنێ، هەروەها پاندبوونی تەواو و ڕەدکردنەوەی تەواوی پێکهاتەی (ئەتنیکی و مەزهەبی) ڕاست نیە!

چونكە نەبە سیستەمێكی مەزهەبی و ئەتنیكی كێشەكانی ڕۆژهەلاَت چارەسەر دەبن و نەبە ڕەدكردنەوەشی لە كێشەكە ڕزگاریمان دەبێت، پێكهاتە كۆمۆنیستەكلاسیكیەكان و ئیسلامیەكان هەریەكەیان بە جیاوازەوە پیادەكەری یەكێك بوون لەو دوو هەلَوێستە، ئێران ویستی بەرێبازی شیعەی سەفەوی-ئیسلامی كێشەكانی ڕوژهەلاَت چارەسەر بكات، كەسەركەوتنی بەدەست نەهێنا، پارتە كۆمۆنیستە كلاسیكیەكانیش ویستیان بە ڕەدكردنەوەی ئایین كە بوەتە ڕاستیەكی ڕوژهەلاَتی ناوین و وەك نەینۆك و گۆشت تێكەلَ بونە خۆیان لەو كێشەیە ڕزگاری بكەن، ئەویش بە هەمان شێوە سەركەوتنی بەدەست نەهێناو تەنانەت نەیانتوانی هەبوونی خۆشیان بسەلمێنیَ.
بۆیە دەرككردن بە چارەسەریەكی ڕاست و هزرێكی چارەسەر ئامێزانە جیگای بایەخە، لەچوارچێوەی ڕاستینەی سەرچاوەی ئایینەكانەوە دەستكردن بە ڕیفۆرمیزەكردنی ئایینی ئەورۆ كە نەتەوەپەرستی و چینی سەردەستی نێوكۆمەلگا ژەهراویان كردوە، گەورەترین شۆرشی قۆناغەكەمانە، هەرچەندە ئەو پرۆژەیە پرۆژەیەكی ڕۆژێك و دوونیە بەلَكو پرۆسەیەكە دەیان سالَی دەوێت، بەلاَم بە بیَ ڕزگاركردنی ئایین لەو ژەهراوی بونە هیچ كێشەیەك بە پەسەند كردنی ڕەوشی ئێستاو ڕەدكردنەوەی چارەسەر نابێت و بەوەش ئاسایش و ئارامی سەقامگیرنابێت.
بۆیە لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای سەردەمی نوێی ڕۆژهەلاَتی ناویندا دەست كردن بە هەلَمەتی ڕزگاركردن و دۆزینەوەی دایكی ڕاستەقینەی ڕۆژهەلاَت پیرۆزترین ئەركی ئەمرۆمانە، تەنانەت گەلێك لەو خوداوەندە ئەفسوناویانە پیرۆزترە كە فرلندۆتیانە ئاسمان. لایەنێكی تر دۆزینەوەی هێز و ووزەی ئافرێنەر و پێكهێنەری كۆمەلگا و شارستانی ڕۆژهەلاَتی ناوینە كە ئێستا لە مالَەوە لەنێو چواردیواردا قەتیس كراوە، ئەویش هێز و وزەی ژنە. ژن دووجار وەك پێكهێنەری كۆمەلگای ڕۆژهەلاَتی ناوین جارێكیان وەك نیوەی پێكهاتەی هەركۆمەلگایەك كەئەوە ئاساییەو لە هەر كۆمەلگایەكدا هەیە، جارێكیشیان وەك ئافرێنەری ژیان، لەو بابەتەدا جێگای ئەوە نیە كە لێكۆلێنەوەیەكی تایبەت لە سەر ڕۆلَی ژن لە مێژوی هەرێمەكە بكەین، بەلاَم وەك زۆربەی زۆری ڕۆژهەلاَتناسان ووتویانە و دیمەنی خوداوەندە ژنەكان لەسەر تاشەبەرد و ئاسەوارە مێژوییەكان تێری ئەوە دەكات كە وەلاَمی ئەو پرسیارە بداتەوە، واتە شۆڕشی نویَ لە عێراق و ڕۆژهەلاَتی ناوین بە چەكی ئایدۆلۆژیای ڕزگاری كۆمەلاَیەتی سەرهەلَدەدات و بەوچەكەش دەگاتە سەركەوتن، بۆ ئەوە ڕۆلَی ناسنامەی ئایدۆلۆژی ڕۆژهەلاَتی ناوین لە گۆڕەپانی سیاسەتی داهاتوی هەرێمەكەدا بەقەد هەموو لایەنەكانی تر جێگای بایەخپێدانە.
ئەگەر تەماشای سیاسەتی ڕۆژانەی ئەمریكا و ڕێبازی ئەویش بكەین كە دەیەوێت لە عێراقدا بیچەسپێنێت، زیاتر ڕێبازی تاقیكردنەوەیە، ڕەنگبێت ئەمریكا بە گشتی بۆ ناوچەكە پلاَن و بەرنامەی خۆی هەبێت، بەلاَم كاتیَ ئەم هەموو تیۆریانە بێنیە بەرامبەر ڕاستینەی هەرێمەكە، ئەوكاتە جیاوازیەكی بەقەد عەرز و ئاسمان نیشان دەدات.
بۆ ئەوە ئەمریكاش لەم هەلَومەرجە ناسكەدا خۆی دوچاری كاردانەوەیەكی نێگەتیف ناكات و بەپیادەكردنی سەربەستی لە بوارەكانی سیاسی، كۆمەلاَیەتی، فەرهەنگی هەولَدەدات لەسەرەتادا سەرنجی خەلَكی عێراق و هەرێمەكە بۆ لای خۆیدا ڕاكێشێت، لەگەلَ ئەوەشدا ڕێبازی تاقیكردنەوە بەڕێوە دەبات، بۆ ئەوە بەپێچەوانەی ئەو بۆچونانەی كە دەلَێن ئەریكا لە عێراقدا سیستەمێكی فدرال لەسەر بنەمای ئەتنیكی دروست دەكات، من دەلَێم ئەمە بریار و نیازی ئەو نیە، لەوانەیە ئەمریكا لە سەرەتای هێرشبردنەسەر عێراق ئەم پەیمانەی بە هەندێك لایەن دابیَ، بەلاَم ئەگەر لە ڕوی زانسیەوە تەماشای بارو دۆخەكە بكەین دەبینین لە جیهانی ئێستادا پێكهاتەی ئەتنیكی باوی ناماوە و كێشەكانی بیَ چارەسەر ناكریَ لەلایە، دروستكردنی هەرێمی فیدرالی لەسەر بنەمای ئەتنیكی لە عێراقدا بەرەواكردنی دروسبونی دەولَەتۆكەیەكی شیعەیە لە باشور و ناوەڕاستی ئەو وولاَتە لە لایەكەی دیكەوە، ئەمەش لە گەلَ خواستی ئەمریكا ناكۆكە، ئەگەر بشبێت كاتی دەبێت بەتەنیا بە مەبەستی بەكارهێنان دەبێت بۆ ماوەیەك.
وولاَتانی ناحەزی گۆڕانكاری لە هەرێمەكە چ ئەوانەی نێوانیان لەگەلَ ئەمریكا ناخۆشە وەك ئێران-سوریا و چ ئەوانەی لە سەردەمی پێشودا هاوپەیمانی ئەمریكا بوون وەك توركیا، نیگەرانی تایبەت بە خۆیان هەیە و جگە لە

پاراستنی قەوارەکە و بەرژەوەندی تەسکی خۆیان هیچ پرۆژەیەکیان نیە. زۆرکەس کاتێ ئەو نیگەرانیەی ئەوان لێکدەداتەوە یەکسەر باس لە مەسەلەی کورد دەکات و لایەنەکانی تر بەرتەسک دەکاتەوە یانیش باس ناکەن، بەلاَم لەڕاستیدا کێشە و نیگەرانی ئەوان لەمەسەلەی کورد گرنگتر مەسەلەی دیموکراسیەت و خۆگۆڕینە، هەرچەندە دیموکراسیەت و کێشەی کورد پێویستە لەیەکترجیانەکرێتەوە، نیگەرانی سەرەکی ئەوان ئەوەیە کە بە گۆڕانکاری لە عێراقدا لە سەرتاپای هەرێمەکەدا گۆڕانکاری دێتە ئاراوە، واتە ئەوان ڕەنگبێت بە هەندێك مانۆڕ و تەڵەکەبازی بتوانن خۆیان لە هەندێك ڕاستی بدزنەوە، بەلاَم ناتوانن خۆیان لە کێشەی ئەقلیەتی کلاسیکی ڕزگار بکەن و وەلاَمی پێویستیەکانی ئەو سەردەمە بدەنەوە، کە دیموکراسیەتی سەردەمی و دادوەرییە، بۆیە بە هەوڵە دیپلۆماسیە کلاسیکیەکانیان دەیانەوێت مەسەلەی گۆڕانکاری لە عێراقدا سنوردار بکەن و لە ناوەوەی عێراقیش ڕێگا نەدەن سیستەمێکی دیموکراسی بەدی بێت و کێشەکان ڕێچکەی چارەسەری بگرنەبەر .

هەرچی لە ناوەوەی عێراقیشە، پێکهاتە کلاسیکیەکان بە کورد و عەرەب و سونی و شیعە و کەمایەتیەکانەوە، نەیانتوانیوە وەکو پێویست خۆیان لە هزری کلاسیکی سەدەی 19-20 ڕزگار بکەن و بەپێی پێداویستیەکانی ئەو سەردەمە چاوێك بە پرۆگرام و بەرنامەکانیان بخشێنن. هەرچەند ئەوڕۆ لە گۆڕەپانی عێراقدا کەسێك بە ئاشکرا نایەڵێت من بەرەنگاری گۆڕانکاری دەبمەوە، بەلاَم زۆربەی زۆری هێزەکان لە ناوەڕۆکی ئەو گۆڕانکاریە نیگەرانن و هەتاوەکو لەتوانایان بێت، هەوڵدەدەن گۆڕانکاریەکان بەپێی خۆیان سنوردار بکەن، کە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەوان بگونجێت، ئەمەش مەحاڵە چونکە گۆڕانکاریە پێویستەکان لە عێراق و هەرێمەکە زۆر لەوە زیاترن کە لەگەڵ ئاستی فکری، کولتوری و داخوازیەکانی ئەو ڕێکخراو، پارت و گروپانە بگونجێندرێن بۆ ئەوە جگە لە ملشۆڕکردن بۆ گۆڕانکاریەکان ڕێگاکانی تریان لەبەردەم داخراون. هەربۆ ئەوەیە ئەو لایەنانە لایەنگری و داکۆکی لەسەر سیستەمی ئەتنیکی-مەزهەبی دەکەن، واتە داکۆکی کردنی ئەوان لە سیستەمی ئاماژەبۆکراودا بەمەستی پاراستنی بەرژەوەندی تایفەگەری، بنەماڵەیی و ناوچەگەرێتیەکانیانە نەك لە بەرژەوەندی نەتەوە و ئایین و هتد. . . واتە ئەتۆ بەرژەوەندی تەسکی من مسۆگەر بکە هەرچی لە عێراق و هەرێمەکە دەبێت بابێت، ئەمەیە هزری سەرەکی ئەو لایەنانەیە، ئەمەش جگەلەوەی کێشەکان چارەسەر ناکات لە هەمان کاتدا وەلاَمی پێداویستیەکانی کۆمەڵگای سەدەی 21مین ناداتەوە کە ئازادی ڕەگەزی تاکو کۆمەڵگا و یەکێتیەکی ئازادانەیە و لەلایەکی دیکەشەوە لە جیاتی بەهێزکردنی ئیرادەی کۆمەڵگای هەرێمە کۆمەڵگا بە شتی لاوەکی وەك ئەوەی لە فەلەستین ئەنجام دەدرێت خەریك دەکات، ئەمەش ڕێگا لە پێشکەوتنی کۆمەلاَیەتی دەگرێت و ڕێگا لەبەردەم پێکدادانی گەلان دەکاتەوە، کەوەك تاکتیك بژاری دەرەوەیە، بۆ ئەوە پاراستنی ماڤ ئەتنیکی، مەزهەبی، کولتوری و بەرجەستەکردنی ئازادیەکانی، لە چوارچێوەی سیستەمێکی تەسکی ناوچەگەری تایفەگەری نا، بەڵکو لە چوارچێوەی دیموکراسیەتی هاوبەش و شان بەشانی تێکڕای کێشەکانی تر چارەسەر دەبێت و جیاناکرێتەوە .

**لە تێکۆشانی ڕزگاری نەتەوەیی بەرەو، تیۆری گۆڕەپانی سێهەم لەسەر بنەمای، ڕێکخستنی کۆمەڵگای مەدەنی و تێکۆشانی دیموکراتیانە دژ بە کولتور و ئاسەوارەکانی شۆڤێنیزمی ئەتنیکی، ئایینی و فیودالیزم:**

سەدەی 20مین بە سەدەی ناکۆکی و کێشمەکێشی چینایەتی و نەتەوەییەکان تێپەڕبوو، لەم سەدەیەدا کە دووجەمسەری جیهانی دەسترۆیی و کاریگەریان بەسەر تەواوی کێشەکانی جیهاندا هەبوو، وەك بلوکی سۆسۆسیالیست و بلوکی کاپیتالیست، بەشی زۆری ئەو کێشانەش نمونە کێشە نەتەوەییەکان بە میتۆدی شەڕی چەکداری و ڕێبازی شەڕی ڕزگاری نەتەوەیی و گەیشتن بە دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی چارەسەر دەکران، ناکۆکی و کێشە چینایەتیەکانیش بە لە ناوبردنی دەوڵەتی سەرمایەداری و لەسەر بنەمای چینی پرۆلێتاریا دروستکردنی دەوڵەتێکی پرۆلێتاریا چارەسەر دەبون. هەرچەندە ئەو میتۆدە بژارێك بوو لە بەرژەوەندی هەردو زلهێزبەرێوەدەچوو، بەلاَم لە هەمانکاتدا گەلێك نەتەوەی ژێرچەپۆکی داگیرکاری و ئیمپریالیزم توانیان بەسودوەرگرتن لەم ڕێبازە کێشەنەتەوەییەکانی خۆیان چارەسەر بکەن و لەو لایەنەوە بگەن بە مەرامەکانیان،

نمونه كوبا، ڤێتنام. . . هتد، بەڵام تێكۆشان و خەباتی گەلی كورد لە پێناوی بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەكانیدا و گەیشتن بە قەوارەیەكی كوردی لەو سەردەمەدا سەركەوتنی تەواوی بە دەست نەهێناو زۆربەی زۆری ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەكان شكستیان خوارد و ئەنجامیش ماڵوێرانی، كاولكاری و بێ ئومێدی بوو. بەڵام لەگەڵ بەردوامبونی سیاسەتی نكۆڵی و لە نێوبردن دژ بە گەلی كورد لەلایەن داگیركەرانی كوردستان، ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەكانیش بە هەموو كەموكورتیەكانیانەوە سەریان بەردەوام بوون. ناكرێت لەو باسە كورتەدا لێكۆڵینەوە لەسەر ئەو هۆكارانەی بونە ڕێگر لە بەردەم سەرنەكەوتنی تەواوەتی گەلی كورد لەو قۆناغەدا بكەین، بەڵام ئەشێ بەكورتی لە ڕوانگەی چەمكەوە چەند خاڵێك دەستنیشان بكەین، ئەویش لە ناوخۆی بزاڤی ڕزگاری گەلی كوردستاندا نەبونی سیاسەتێكی نەتەوەیی، ڕێبازێكی هاوچەرخ، ڕێكخستنی هاوچەرخ و سەركردایەتیەكی نەتەوەیی هاوچەرخ بەرلە دەركەوتنیPKK، لەئاستیدەرەوەشدا، هاوسەنگیە سیاسیەكانی هەرێمەكە و جیهان و سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەو دەرفەتەیان لەباربرد كە گەلی كوردیش وەك گەلانی تری جیهان لە سەدەی 19 - 20 دا، تامی كیانێكی نەتەوەیی خۆی بكات. بۆیە ڕاستیەكی گەلی كورد لەو قۆناغەشدا ئەوەیە كە گەلی كورد هەست بەوە دەكات، بەتەنیا لەسەر بنەمای هەستی نەتەوەیی ئێمە ناتوانین بەشداری لە پڕۆسەی سیاسی قۆناغی نوێ بكەین كە بە قۆناغی گلۆبالیزم و ماڤی مرۆڤ و دیموكراسی و. . . هتد دەناسرێت، بۆیە بمانەوێ و نەمانەوێ گەلی كورد ناچارە بە شێوەكی جیاواز لە نەتەوەكانی تری جیهان بەشداری لەو پڕۆسەیەدا بكات، بەڵام ئەو نیگەرانیە بەڕای من ڕاستیەكی زانستی نیە، بەڵكو (پسكۆلۆژی) یە، بەڵام ئەگەر بەپێی سیستەمی تازەی جیهانگیری و سەردەمی ئێستا و گۆڕانكاریەكانی جیهان چاوێك بە خۆماندا نەخشێنینەوە و سوربین لەسەر سیاسەتی كۆن هەرچەندە داخوازیەكانمان ڕەواش بن، ئەوا گەلی كورد وەك سەردەمی ڕابورد و ناگاتە شەمەنەفەری قۆناغی تازە و بەجێ دەمێنێ، بەڵام ئەگەر گەلەكەمان، ڕێكخراو و پارتە سیاسیەكانمان بەپێی ئەوە بە چاوێكی زانستی و بە گوتارێكی فەلسەڤی، سیاسی سەربەخۆوە چاوێك بە خۆیاندا بخشێننەوە و بەپێی ڕاستینەی ئەم قۆناغە خۆیان ئامادەبكەن، ئەوسا گەلی كورد لە ناو تێكۆشانی سەدەی 21میندا دەتوانێ كێشە نەتەوەییەكانی بە شێوەیەكی هاوچەرخانە چارەسەربكات و ڕێچكە و ڕێبازی نوێیان بۆ پەیدا بكات. مرۆڤ دەتوانێ بەڕێبازی سەدەی 20مینی بزاڤی ڕزگاری نەتەوەیی كێشەكانی بوروژێنێت و لایەنە مردوەكانی زیندوو بكاتەوە و لایەنە لاوازەكانی بەهێزبكات و كۆمەڵگایەك لە مردن ڕزگار بكات، بەڵام ڕاستیەكی نەشاراوە ئەوەیە ئێمە پێمان خۆشبێت و پێمان ناخۆشبێت ناتوانین بەهەمان شێواز، ئەقلیەت، كێشەكانمان چارەسەر بكەین، كە سەردەمی ئەمڕۆمان سەردەمی چارەسەریە. بۆ ئەوە لە كاتێكدا كە جگە لەبەكارهێنان زەمین و هەلومەرجی سیاسەتی لەسەربنەمایەكی تەسكی ئەتنیكی-مەزهەبی لە ئارادا نامێنێت و وولاتەكەمان كوردستان و عێراق پێ دەنێتە سەردەمێكی نوێ، دەبێ ڕێكخستنەكانیشمان بە هەمان شێوە پێ بنێنە قۆناغێكی تازەی تێكۆشان، ئەویش تێكۆشانە دژ بە كولتوری فیودالیزم، ئاسەوارەكانی شۆڤێنیزمی عەرەبی و نەتەوەپەرستی سەرەتایی و بەرجەستەكردنی دیموكراسیەت و دادوەری كۆمەڵایەتی. بۆ ئەوە ڕێكخستەكانی ئەم قۆناغە نابێت خۆیان بە كێشە ئەتنیكیەكان سنوردار بكات، بەقەد كێشە ئەتنیكیەكان پێویستە هەنگاو بۆ تێكۆشانی دیموكراسی بنێت و سنوری ئازادی كۆمەڵگا فراوان بكات. بۆ ئەمەش باشترین و گونجاوترین ڕێباز تیۆری گۆڕەپانی سێهەمینە. ڕاڤەكردنی تیۆری ئاماژەپێكراو لێرەدا دەرفەت نادات بەڵام بەشێوەیەكی گشتی هەڵوێستەكردن لەو قۆناغەداو تاووتوێكردنی گۆڕەپانی ئاماژەبۆكراو لەلایەن چین و توێژە بەكاریگەرەكانی كۆمەڵگا بەتایبەتی ڕۆشەنبیران جێگای بایەخی زۆرە .

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەكەیەت، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.